# بەفارس کردن

مەهاباد ئازەرنیا

mahabad_azarnia@yahoo.com

دیاردەی گۆڕینی زمانو کەلتوری گەلان لە ئێران بە دروستی باسی لێنەکراوەوناشکرێ. بەدوای هاتنەسەرکاری رژیمی رەزاشا لە ئێران ئەم دیاردەیە شێوەیەکی رەسمیو یاسایی بەخۆوە گرت. تا پێش ئەوە بە شێوەی یاساییو بەو جۆرە باسی زالبوونی نەتەوەیەك بە سەر ئێراندا نەدەکراو نەشکرابوو. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە باسی نەتەوە باسێکی مۆدێرنە ئەتوانین بڵێین کە نەتەوەخوازی لە ئێران تا پێش رەزاشا لەم چوارچێوەیەی ئەمرۆدا نەبووە. بەڵام ئەگەر وردەسەرنجێك لە ناوی ئێران لە رابردوودا بدەینەوە زۆر بە روونیو ئاشکرا بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو بووچوونەی رەزا شا کە باسی تاكکەلتووریو تاكزمانیو بە گشتی باسی دەوڵەت-نەتەوە لە ئێران دەکاتو ئەویش لە ژێر ناوی نەتەوەی فارسدا هەر لە رابردووشدا بە سەر ئێراندا زاڵبووە، ئەویش ئەو کاتەیە کە ئێمە بەرەورووی ناوی ئێران لە ژێر ناوی "پارس" یان "Persian" لە مێژوودا دەبینەوە. ئەو کاتەی کە لە دوای مادەکان شاکانی ئێران بە خۆیانیان دەگوت "شاهنشاه پارس" واتە شایشاکانی پارس کە مەبەستیان لە پارس ئێران بووە. ئەمەش لە کەتێبەبەناوبانگەکەی داریۆشی هەخامەنەشیدا هاتووە کە خۆی بە شای پارس ناودەباتو یان لە بەیاننامەکەی کورۆش کە بە بەیانی مافی مرۆڤی ئەو بەناوبانگە خۆی بە شای پارس ناو دەباتو لە ئینجیلیشدا هەر بە شای پارس ناوی دەبەن. ئوروپاییەکانیش بە ئێرانیان وتووە پرشن واتە پارسو ئێستاش لە زۆر شوێن هەر وادەڵێن. ئەمە لە کاتێکدایە کە هەر ئەو کاتیش ئێران جێژیانی مادو پارتەکانیش بووە و پێش هەخامەنشییەکان مادەکان یەکەمین دەسەڵاتی سیاسی ئێرانیان لە ژێر ناوی دەسەڵاتی "ماد"پێك هێنابوو. هەرچەندە بەو سەردەمەی ئێرانیشان دەوت دەوڵەتی ماد بەڵام "ئێران"یشیان پێ دەگوت. یان پارتەکان کە پاشماوەی دەسەڵاتی ئەسکەندەریان لە ئێران وەدەرناو دەوڵەتی "اشکانیان"یان پێك هێنا ئەوانیش بۆ خۆیان ئێرانی بوونو تازە دەسەڵاتێکی سێکۆلاریش بوون بەو مانایە کە ئایینی رەسمییان نەبووە. هەروەها "ساسانیان" کە ئەوان رەنگە زۆرکەس بە کوردیان ناو ببەن بە هۆی ئەوەی کە

گوایه ئەردەشیری ساسانی لە تایفەی شوانکارە بووە کە ئەوانیش کورد بوون بەڵام بە هەموو ئەوانەشەوە ئەبینین کە ئەوانیش بە خۆیان وتووە شای پارسو ئەمە لە نامەکەی "یەزدگردی سێهەم" بۆ عومەر خەلیفەی ئیسلام کە جوابێکە بۆ عومەر، بە روونی دیارە کە خۆی بە "شاهنشاه"ی پارسو ئەوانەش کە پارس نین ناودەبات بەڵام هەر لەم نامەیەشدا هیچ ئاماژەیەك بە پارتو مادەکان وەك ئێرانی ناکرێ. بە هەموو ئەمانەوە ئێمە دەبینین کە بە بوونی ئەو 3 دەسەڵاتە لە ئێران کە هەر کامەیان نوێنەرایەتی هۆزیکیان لە هۆزە ئێرانییەکان دەکرد (ئەو کاتە ناوی هۆزیان بۆ مادوپارتوپارس بە کار دەهێنا) هەر بە ئێران گوتراوە"پارس" ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە بیرۆکەی فارسی بوونی ئێران بیرۆکەیەکی نوێ نییەو تەنیا لەم سەردەمەدا چوارچێوەیەکی نوێو مۆدێرنی بەخۆوە گرتووەو خۆی لەگەل تەعریفگەل ئەمڕۆیی گونجاندووە. یان بە واتایەکی دیکە ئێران شەرگەیەك بووە بۆ سەپاندنی هەر (هۆز لە پێشدا) و (هەر نەتەوەیەك لە ئەمڕۆدا) و چونکە پارسەکان سەرکەوتووتر بوون ناوو زمانو کەلتوری خۆیان سەپاندووە.

ئەمڕۆ لە رۆژهەڵاتی ناوەراست 4 نەتەوە دەژین کە زیاتر لە هەمووان بەرچاون، ئەویش بە هۆی لەسەرێبوونی ژمارەی قسەپێکەرەکانیانە. ئارەب، تورك، فارسو کورد. لە نێو ئەم چوار نەتەوەیەدا بەس نەتەوەی کورد خاوەنی دەسەڵاتی سیاسی نییە کە لە بەرانبەردا سێ نەتەوەکەی دیکە خاوەنی دەسەڵاتی سیاسیو دەوڵەتی سەربەخۆن. بۆ نموونە ئارەب 25 دەوڵەتیان هەیە. ئەم سێ نەتەوە وەك دەسەڵات بەردەوام هەوڵیان داوە کە زمانو فەرهەنگی نەتەوە دراوسێکانی خۆیان بگۆڕنو بیانهێننە سەر زمانوفەرهەنگو جگە لەوەش ئایینی خۆیان. بەم مانایە ئێمە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەرەو رووی سێ جۆر هێرشی زمانیوکەلتووریو ئایینین. تەعریب(بە ئارەب کردن)، تەتریك(بە تورك کردن)و تەفریس(بە فارس کردن)و جگە لەوەش بە زۆر موسڵمان کردن لە لایەن ئارەبوتورکو دواتریش بە زۆر شیعە کردن لە لایەن فارسەکانەوەین. لەم بوارەدا ئارەبەکان خاوەنی سەرکەوتنێکی زیاترن. بۆ نموونە پێشتر بە تەنیا نیمچە دوورگەی ئەرەبستان ئارەب بوونو تەنانەت ئەو کاتیش باسی بە ئارەببوون هەر بووە چونکە خودی ئارەبەکان ئەڵێن کە "محمد" خۆی ئارەبی رەسەن نەبوووە بەڵکوو بە ئارەبکراوە. بەڵام ئێستا ئەبیین کە میسرو ئێراق(بابلی کۆن)و سووریەو زۆر لە ولاتانی دیکە ئارەبن

کەچی پێشتر ئارەب نەبوون. یان چۆنە کە زۆرێك لە ناوچەژێردەسەڵاتەکانی ساسانیەکان ئەمڕۆ ئارەبن بە ناوچەکانی پێتەختەکەشیانەوە؟ یان ئێمە کە زەردەشتی بووین بە زۆری شمشێر کراوین بە موسڵمان. من پێم وایە باسی تەعریبو تەتریك لەم ساڵانەدا هیچ نەبێ کراوەو شتی لە سەر نووسراوەو بەرەنگاریشی کراوە. بەڵام ئەوەی کە لەم ناوەدا باسی پێویستی لێنەکراوەوەو یان ئەگەریش کراوە زۆر کەمڕەنگە مەسەلەی بە فارس کردنە لە ئێران. کاتێك هەموو سیاسەتەکان دەخرێنە خزمەت گۆڕینی زمانو کەلتووی گەلان بە قازانجی گەلێکی دیکە. ئەگەر ئێستا چاوێك بە سەر ئێراندا بگێڕین زۆر بە ئاشکرا ئەو تەفریسە دەبینین. لە هەوڵی دەوڵەتی کاتی خاتەمی بۆ گۆڕینی دیمۆگرافی ناوچەی ئەهواز، لە بێڕێزیکردن بە ئازەریەکان لەم ڕۆژنامەی دەوڵەتی ئێرانو لە هەموو گرنگتر کە زۆر بە خشکە خەریکە ئەنجام دەدرێتو ئەویش گۆڕینی زمانەکانە، بگرە هەتا زۆر مەسەلەیتر بەرچاوە. ئەگەر چاوێك بەسەر شارەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا بگێڕین زۆر بە روونیو ئاشکرایی ئاستی ئەم گۆڕینەمان بۆ دەردەکەوێ. بۆ نموونە لەو ناوچانەی کوردستانی ڕۆژهەڵات وەك سنە، کرماشان، ئیلامو هەندێك شوێنیتر زمانە کوردیەکەیان زۆر ترسناك گۆڕانی بە سەردا هاتووە. لە کرماشان ئاستی ئەم گۆڕانە تا رادەیەك پێش چووە کە ئێمە ئەمڕۆ ئەبینین باسی فارسی کرماشانی ئەکرێت. جگە لەوەی کە کوردیی ئەم ناوچانە بۆ خۆی تایبەتمەندی خۆی هەیەو چاوەڕوان ناکرێ کە وەك ناوچەکانی دیکە بێ بەڵام ئەو هەموو وەرچەرخانە بەرەو زمانی فارسی روونو ئاشکرایە کە ئەم زاراوەنەی لە کوردی بوون دابڕیوەو وردە وردە بەرەو فارسی ئەیانبات. ئەمە جگە لەوەی کە لە باری زمانەوە ئەم ئاڵوگۆڕە پێك هاتوە لە باری ڕۆحیشەوە ئەم ئاڵوگۆڕە ئەبینین. بۆ نمونە لە سنەدا ئەگەر بە فارسی قسە بکەی ئەوا ڕێزو حورمەتت زیاترەو ئەگەریش بە کوردی قسە بکەی بە دێهاتیت ناو ئەبەن. سەیری ئەم رستە بکەن لە زمانی سنەدا

مامان ماهی سورخ کەردەمان هەس؟

منداڵێك بە دایکی دەڵێت: دایە ماسی سوورەوە کراومان هەیە؟

مامان، ماهی، سورخکەردە، هەموو ئەمانە فارسین "مامان" ئەگەر فارسی

نەبێت بۆ خۆی بەڵام لێرەدا لە  فارسیەوە وەرگیراوە.

یان

ئاوی جۆشیاگ

ئاوی وەکوڵهاتوو

یان گوێ بگرن لەم رستەیە کە لە رادیۆ سنە گوێم لێ بووە

"سندوقگەل لە بان یەکتر قەرار ئەدەین"

لە  باری زمانەوانیەوە ئەم  رستە کوێی کوردییە جگە لە وشە فارسییەکانی کە بڵێین هیچ

یان ئەگەر بڵێن ئەو شتە لای خۆت راگرە ئەڵێن:

"لای خۆت نگای بێرە"

ئەمە کوێی کوردییە

چەند ساڵێك لەمەو پێش سەفەرێکم کرد بۆ سنە لە مەیدانی "فردوسی" ویستم بڕۆم بۆ 25 خاوەن تاکسیەکە کە دی من بە کوردی قسە ئەکەم 150 تمەنی لە من وەرگرت بەڵام بۆ جارێکیتر لەگەڵ دۆستێکم کە بۆ خۆی خەڵکی سنە بوو و فارسی قسەی کرد هەر ئەو رێگایە رۆشتین لەبەر ئەوەی ئەو دۆستەم بە فارسی قسەی کرد 50 تمەنیان لێوەرگرتین. کاتێك هۆکارەکەییم پرسی وتی ئەبوا کوردی قسەت نەکردبا. یان لە ناوشاری سنە ئەگەر بە جلوبەرگی کوردییەوە بگەڕێی زۆر بێحورمەتیت پێئەکەن،بۆ؟ یان ئەگەر پیرەمێردێك بە جامانەی کوردییەوە بڕوات تەرەقە ئەهاونە ناو جامانەکەیەوە، بۆ؟ یان بە جامانە ئەڵێن ماهوارە. لە کاتێکدا ئەگەر بە جلوبەرگی ئارەبی یان شوێنی دیکەوە بڕۆی شتی وا روو نادات؟ بۆ

یان لە کرماشان کوردی قسە بکە کێ لێت تێدەگا دەبێ بە فارسی قسە بکەی تا لێت تێبگەن. رەنگە زۆر کەس بڵێن دەی با تۆ فێری کوردی کرماشانی بی. بەڵام ئەوان ئەوەندە زمانەکەیان لە فارسی نزیك بۆتەوە کە ئیتر فارسیەکە باشتر

تێدەگەن. بۆ نموونە چاو لە شعرەکانی "شاکەوخان مەنسوور" بکە جا ئەزانی کە چەندە کوردی کرماشانی گۆرانی فارسی بەرەو بەسەرِدا هاتووە. ئەوەی کە رژیمەکانی ئێران بە ئەنقەست هەوڵی گۆڕینی زمانی ئێمەو خەڵکانی دیکە دەدەن شتێکی روونو ئاشکرایە بەڵام پرسیار ئەوەیە کە بۆ ئەبێ ئێمە بۆ خۆمان لە بەرانبەر ئەو سیاسەتەدا رانەوەستینو ببین بە قوربانییەکەی؟ بۆ خەڵکی بانە بە رادەی سنەو کرماشان زمانی فارسی کاریگەری تێنەکردوون. رەنگە ئەمە ئەو پەندەمان وەبیر بێنێتەوە کە دەڵێ "نە سنەیی کوردنو نە بانەیی ئێرانی". لە کاتێکدا لە شۆڕشی کورد دژی کۆماری ئیسلامیدا هیچ شارێك بە قەد سنە قوربانی نەداوەو تەنانەت بەم شارە ئەڵێن "سنەی خوێناوی".

با لێرەشدا ئامارژەیەك بە هەڵوێیستی حیزبە کوردییەکان بکەین لە بەرانبەر ئەم سیاسەتەی دەوڵەتانی ئێرانیدا. دروستە حیزبە کوردییەکان بۆ چەسپاندنی مافی نەتەوایەتی خەڵکی کوردستان خەبات دەکەن بەڵام ئایا تا ئێستا هیچ دژکردەوەیەکمان لێ دیتوون لە بەرانبەر سیاسەتی تەفریسدا؟ بە درێژایی خەباتی چەند ساڵەی ئەم حیزبانە هەڵوێستێکی روونو ئاشکرایان لە دژی سیاسەتی تەفریس نەبووەو نییە. وەرنەگرتنی هەڵوێستی روون دەگەرێتەوە سەر هەندێك شت. هەندێکیان لە روانگەی چەپەوە دەڕواننە مەسەلەکەو وەك ئەوەی کە گوایە ئیدئۆلۆژی چەپانەیان گومانی لێپەیدا بێت هەڵوێست ناگرن لە کاتێکدا هیچ چەپێك لە دونیادا ئەگەر بەراستی چەپ بێت رەخنە لە هەولوێستێك کە دژی سیاسەتی سڕینەوەی نەتەوەیەك بێت ناگرێ. ئەگەر وانییە باشە بۆ باشترین پشتیوانی گەلانی بندەستی ئێرانو حیزبەکانیان لە وڵاتە ئوروپاییەکاندا هێزە چەپەکانن؟ بۆ مەگەر ئەوان چاك لە چەپ تێگەشتوون یان حیزبە کوردییەکانی ئێمە؟ لە رونگەی ئەوەشەوە کە ئەم هێزە کوردییەکانە لە لایەن هێزە سەرانسەرییەکانەوە نەدرێنە بەر تانەوتەشەرو رەخنەیان لێنەگیرێو پێوەندییان تێك نەچێ هەڵوێستی پێویست لەم بارەیەوە ناگرن، یانی بەرژەوەندی حیزبی خۆیان دەسەپێنن بە سەر بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگای کوردستاندا. بەڵام ئێمە چ لە بەرانبەر سیاسەتی تەفریسدا هەڵوێست بگرینو چ نەیگرین، چ داوای فێدراڵی بکەینو چ مافی شارۆمەندی، لە لایەن ناوەندو هەندێك ئۆپۆزیسیۆنی ناوەندەوە هەر بە جۆداییخواز دەناسرێین. دەی بۆ هەڵوێستی شیاو لەم بارەیەوە وەرنەگرین. هەر

هەڵوێستێكمان هەبێت بۆ كێشەكەی خۆمان هەر دەكوژرێینو دەبڕدرێین.*

لە لایەكی دیكەشەوە رەنگە ئەوەی كە خەڵك لە كورستان تا رادەیەك خۆیان لە بەرانبەر سیاسەتی تەفریسدا شلن ئەوەیە كە بزووتنەوەی كوردی لە كوردستانی ژێر دەسەلاٌتی ئێران لەم ساڵانەدا سەركەوتنو دەسكەوتێكی بەرچاوی بۆ خەڵك نەبووە بەوجۆرەی كە خەڵك لێی بە ئیستلاح "مستفید"بنو لە بەرانبەردا تێكەڵبوون بە زمانو كەلتووری باندەست بە شێوازێك بزانن بۆ وەدەست هێنانی مافی زیاتر لە ئێراندا. كاتێك كە لاوێكی كورد وەك كوردێك ئەگەر پێش بچێت هیچ دەستكەوتو قازانجێكی پێناگاتو لە بەرانبەریشدا تووشی كوشتنو دوورخستنەوەو بێمافی دەبێت رێگەچارە لە شتیتردا وەك تێكەڵبوون بە زمانو فەرهەنگی زاڵدا ببینێتەوە وەك هەندێك لە ئازەرییەكان كە توانیویانە بەوشێوەیە خۆیان تا ئاستی رێبەرایەتی ئێران بگەیەنن(وەك خامەنەیی كە خۆی ئازەرییە).

من لە كەسێك كە لەگەڵ منداڵە 4 ساڵانەكەی بە فارسی قسەی دەكرد هۆكاری ئەو كارەییم پرسی ئەویش لە وڵامدا وتی"لە دانشگا لازمێسی كە فارسی قەشەنگ قسە كا" رەنگە ئەمە وەڵامێكی پڕ بە پێست بێت بۆ ئەو باوكە.

ئەم مەسەلەیە باسی زۆر هەڵدەگرێ بەڵام هیوادارم كەسانیتر بێنو زیاتر لە سەر ئەم مەسەلەیە قسە بكرێتو بنووسرێت.

---------------------------

*:هەڵبەتە ئەم دیاردەی زاڵبوونی زمانی باندەست تەنیا لە ناو خەڵكی ئاساییدا نییە. بۆ نموونە لە چاوپێكەتنێكی ئەبدوڵلا ئۆجەلانو مام جەلال لە ساڵی 1991دا هەم ئەبدوڵلا ئۆجەلان بە توركی قسە دەكاو هەم مام جەلال بە ئارەبیو بۆ خۆیان وەرگێڕ بە كار دەبەن. تەنانەت پ ك ك بۆ مام جەلالی قەدەغە كردبوو كە لە كۆبوونەوەیەك كە لەگەل پێشمەرگەكانی پ ك ك دا گرتبووی بە كوردی قسە بكاو ئەویش بە ئارەبی قسەی كرد. لە كاتێكدا هەر 2ی ئەم جانابانە خۆیان بە سەرۆكی كورد دەزانن بەڵام هیچ كامیان بە كوردی قسە ناكەن لە بۆنە گرینگەكاندا. ئەمە فریوكاری ئەم 2 كەسەمان بۆ دەردەخات كە بەس بۆ دەسەلاٌت بوون بە سەرۆك نەك بۆ مافی خەڵك. یان زمانی رەسمی بنەماڵەی بارزانی "فارسییە" كە كاتێكدا مەسعود بارزانی

ئەوەندە خۆی بە کورد ئەزانێ شەوانەش بە جامانەوە ئەخەوێ. هەروەها زمانی رەسمی ناوکۆمەڵەودێمۆکراتیش فارسییە.